Bêwar

Postbus: 3029
3003 AA Rotterdam
Holland

مانگنامەیەکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی گشتییە
ژمارە 126 & 127 ساڵی دوانزەهەم

Aug.&Sep. 2007 / خەرمانان و گەلاوێژ 2707 کوردی

BEWAR بێوار

# خەڵاتی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی ئیتاڵیا عەدنان حەسەن پور و هیوای بوتیمار خەڵاتی ڕۆژنامەنووسییان پێدەبەخشرێت

هەردوو ڕۆژنامەنووسی کوردی ئێران، عەدنانی حەسەن پور و هیوای بوتیمار کە سزای لە سێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە خەڵاتی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی ئیتالیایان بۆ ساڵی 2007 پێبەخشرا. بڕیارە ئەم خەڵاتە لە ڕۆژی 30 مانگی داهاتوو لەبەردەم بینای شارەوانی سینا لە هەرێمی توسکای ئیتالیا بدرێتە بنەماڵەی ئەم دوو ڕۆژنامەنووسە. حەسەن پورو بوتیمار دوو ڕۆژنامەنووسی شاری مەریوانی ئێرانن کە سێ مانگ لەمەوبەر لەلایەن دادگای شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوە بەتۆمەتی کاری سیخوڕی و هەوڵدان بۆ تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران حوکمی لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنرا.

خەڵاتی ڕۆژنامەنووسی ئازادیی ئیتالیا خەڵاتێکە ساڵانە دەبەخشرێتە ڕۆژنامەنووسان و چالاکانی بواری مەدەنی کە لەپێناو ئازادی ڕادەربڕیندا هەوڵدەدەن، ئەم خەڵاتە ساڵی 2005 بەخشرایە ئەکبەر گەنجی کە نووسەرێکی ئێرانییەو ساڵی پاریش بەخشرایە دوو ڕۆژنامەنووسی عیراق کە یەکێکیان کوردو ئەوی تریشیان ئاشوری بوو.

# کۆمیتەی کەش و هەوای UN و ئالگور بە هاوبەشی خەڵاتی نۆبڵ وەردەگرن

ئەکادیمیای خەڵاتی نۆبڵ، خەڵاتی نۆبڵی ساڵی2007 ی بە هاوبەشی بەخشییە کۆمیتەی نێودەوڵەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بواری گۆڕانی کەش و هەواو ئال گۆر جێگری بیل کلینتۆن–ی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا.

بە پێی ڕاپۆرتی ئاژانسی ئیرنا کومیتەی کەش و هەوای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ژمارەیەکی زۆر لە بیرمەندان و پسپۆڕانی کاروباری کەش و هەوا ئەندامن تێیداو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسییانەی کە هەڕەشە لە کەش و هەوای جیهان دەکەن کاردەکەن، هەروەها ئاڵگۆر– یش وەک کەسێکی چالاکی بواری ڕاگەیاندن لەو کومیتەیەدا کاردەکات.

# خەڵاتی نۆبڵی2007 بۆ ئەدەب بە نووسەر " فلیپ ڕاس " دەبەخشرێت

بڕیارە ڕۆژی 11/10 خەڵاتی نۆبڵی 2007 بۆ ئەدەب بە فلیپ ڕاس نووسەری ئەمریکایی ببەخشرێت.

ڕێکخراوی ئەکادیمی نۆبڵ لە سوید پاش دەستنیشانکردنی بڕیاریداوە خەڵاتی "یەک ملیۆن و پەنجا و سێ هەزار" دۆلاری نۆبڵ لە بواری ئەدەبیات لە ساڵی 2007 بە فلیپ ڕاس نووسەری ئەمریکایی ببەخشێت.

فلیپ ڕاس لە 19 ی مارسی 1933 لە ئەمریکا لەدایکبووە و ماستەری هەیە لە ئەدەبیاتی ئینگلیزی و مامۆستا زانکۆ بووە و لە ساڵی 1992 خانەنشین کراوە.

ناوبراو لە ماوەی 2 ساڵ خزمەت لە سوپای ئەمریکا بۆ یەکەمین جار کتێبی "ماڵئاوا کۆلۆمبوس" ی بڵاوکردەوە کە خەڵاتی کتێبی ساڵی 1960 ی ئەمریکایی وەرگرتووە.

ڕاس پاشان ڕۆمانەکانی وەک "سکاڵای پورتنوی"، "ئەو کاتانەی ئەو باش بوو"، "دار و دەستەی ئێمە"، "چوارپێ"، "تارمایی نووسەر" بڵاوکردەوە.

ناوبراو تا ئێستا 20 خەڵاتی ئەدەبی وەرگرتووە کە دوایین خەڵاتیان دەبێتە خەڵاتی نۆبڵ.